## مەراسیمی گیانبەختکردوانی ڕیگای ئازادیو کۆمۆنیزم، هاوڕێیان

## هاوری لەتیف، عەبدول شێخ محسن، کەریم مستەفا، هاوکار محمد رۆستەم، ئومێد نکبین

لە گردی سەیوانی شاری سلێمانیو لە ڕۆژی 2005/7/12دا ڕیکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە پێنجەمین ساڵیادی گیانبەختکردوانی ڕیگای ئازادیو کۆمۆنیزم، هاوڕێیان " هاوڕی لەتیف، عەبدول شێخ موحسن، کەریم مستەفا، هاوکار محمد، ئومێد نکبین" کە لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە لەشاری سلێمانی لە ڕۆژی 2000/7/14دا لە کەمینێکدا گولله باران کران، هەستا بە سازدانی مەراسمێك.

سەرەتای مەراسیمەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێز لێنان لە گیانی ئەو پێنج ئازیزانە دەستیپێکردو پاشان زمناکۆ عەزیز دوای وتەیەکی کورت بەرنامەی مەراسیمەکەی خوێندەوە . کە لەسەرەتاوە سامان کەریم بەرپرسی ڕیکخراوی کوردستان، لە وتەیەکدا، ڕۆلی خەباتکارانەو جەنگاوەرانەی ئەو پێنج هاورێیەی نرخاند لە پێناو خواستو ویستەکانی خەڵکی کوردستاندا، لەپێناو مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانو لە پێناو جیابونەوەی کوردستانو یەکسانی نێوان ژنو پیاوو بنیات نانی کۆمەڵگایەکی سوشیالستیدا. لە درێژەی وتەکەیدا سامان کەریم جەختی خستە سەرئەوەی کە ئیمە بە عنوانی حزبو ڕابەری حزبی کۆمۆنیست قەرزداری ئەوهاوڕێیانەین، بەخوێنی ئەوان لە کوردستاندا مەسەلەیەکی بنەرەتی تۆمار کرا، ئەویش ئەوەبوو کە ڕادەی چەسپاندنو جێگیرکردنی ئازادییە سیاسیەکانو مافە فەردیو مەدەنیەکانو خۆشگوزەرانی خەلك لەکوردستان هەروەها مافەکانی ژنانو یەکسانی نێوان ژنو پیاو جیابونەوەی کوردستانو بەر پاکردنی ریفراندۆم لە باری عەمەلیەوە بەندە بە بەهێزبونو تواناو ئیمکاناتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە.ئەمڕۆ پاش 5ساڵ لە گیان بەختکردنی ئەوهاوڕێیانە، حزبەکەیان لە بەصرەوە تاکو کوردستان گەشەی کردوە لە باری سیاسیو ڕیکخراوەییو حوزوری سیاسییەوە، دوژمنانی کۆمۆنیزم هەرچەندە بە تیرۆرکردنی ئەو 5 هاوڕیەمان و داخستنی مقەرەکانو ڕادیۆیی حزب ویستیان حزب لەکوردستان نەهێن، بەڵام حزبی کۆمۆنیستو هیواو ئامانجێك کە ئەو 5 خۆشەویستەمان لە پیناویدا گیانیان بەختکرد، زۆر لەوە پایەدارترو ریشەدارترە، زۆرە لەوە کۆمەلایەتی ترو عەزیم ترە، کە مل کەچ بێت. هیواو ئارەزوی حزبەکەتان، هیواوو ئارەزوی ئەو 5هاوڕیەمان، هیواو ئارەزوو خواستی خەڵکی کوردستانەن لە ئازادیو یەکسانو خۆشگوزەرانی، ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە خویندکارانو لاوانو مامۆستایانو جەماوەری بەش مەینەت لە پیناو باشبونی ژیانیانو دژ بەگەندەڵی ئیداری کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستان سەری دەرهێناوە، بۆیە کۆمۆنیزمو حزبەکەی لە کوردستاندا، حزبی ئەو ناڕەزایەتیە تاکوو ناڕەزایەتی جەماوەر لە ئارادا بمێنێت، تاکو خەڵکی نارازی بمێنێن، تاکو ناڕەزایەتی هەبیێت بەرانبەر بە نەبونی کارەباو ئاوو بەنزینو ... تاکو زولمو چەوسانەوە مابێت ئیمە هەینو ئەو 5 هاوڕیەشمان هەر زیندون لە دڵی ئیمەو هەموو ئینسانێکی ئازادی خوازدا، یادیان بەرزو بەرێزبێت."

پاشان " ئارام لەتیف" وەك نوێنەری خێزانی ئەو 5 هاوڕێیە وتەیەکی پێشکەشکردو کە وێرای بەخێرهاتنی ئامادەبوان جەختی خستە سەر ڕۆلی شورشگێرانەو جەسورانەیان لە پێناو دیفاع لە کۆمۆنیزمو ئازادیو خۆشگوزەرانی خەڵکداو هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە ئێمەش وەك ئیوە لەسەر ڕێگای ئومێدو هیوای ڕۆلەکانی خۆمان لەگەلتاندایـن، تا نەهێشتنی زوڵمو چەوسانەوە". پاشان"سەوسەن سەلیم " وەك نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن وتەیەکی پێشکەشکرد ووتی" ئەوهاوڕێیانە لە پێناو ئازادیو یەکسانیدا گیانیان بەختکردوەو... جەختی کردە سەر ئەوەی کە ئەمڕۆی عێراق لە سایەی ئیسلامی سیاسیدا، تەواوی مافەکانی خەلك زەوتکراو وخەریکن کۆیلەتی ژنان توندتر دەکەنەوە، پاشان لەدرێژەی وتەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆلی ئەو 5 هاورییێیە کرد لە وەی کە ئەوانیش گیانبەختکردوانی ڕێگای یەکسانی نیوان ژنو پیاوشن، گیانبەختکردوانی ڕیگای بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانیشن. لەکۆتایدا ووتی لە یادی 5 ساڵەی ئەواندا ئیمە پەیمان تازەدەکەینەوە تاکو دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی ژنان ناسرەوین ویادی هاوڕییان بەرزو بەرێزبیت."

دوای ئەوە لەلاەین زمناکۆ عەزیزەوە کۆتایی مەراسیمەکە ڕاگەیەنرا.